# پێکڤە ڕووبەڕووی تۆتالیتاریزمێکی نوێ دەبینەوە.

## نورەدین وەیسی

**بەدوای خۆنیشاندانەکانی ئەم دواییەی موسڵمانان دژی دانیمارك کە هێشتا بەتەواوی کۆتاییان نەهاتووە ، لەم رۆژانەدا کۆمەڵێك نووسەرورۆژنامەڤانی ناسراوی جیهانی کەزۆربەیان بەرەگەز خەڵکی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستن راگەیێنراوێکی بەکۆمەڵیان بەناوی مانفێستۆیەك بە دژی ئیسلامیستەکان ولە پێناو داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەوانی لە رۆژنامەکانی ئەوروپاو باکووری ئەمریکادا بڵاو کردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

دوای سەرکەوتن بەسەر فاشیزم ونازیزم وستالینیزمدا ،ئەمرۆ دنیا بەرەورووی تۆتالییتاریزم و سەرکوتکاری ودکتاتۆرییەکی تازە بووەتەوە کەبریتییە لە ئیسلامیزم ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر جیهان.

ئێمە نووسەران ورۆژنامەنووسان ورۆشنبیران داوای بەرهەڵستیکردن وبەرەنگاربوونەوەی تۆتالیتاریزمی ئایینی و بەهەندهەڵگرتن وپەرەدان بە بەهاکانی سکۆلاریزم ورەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان دەکەین،ئەو رووداوانەی بەدوای بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرەکانی موحەممەد لە رۆژنامە ئەوروپییەکاندا روویاندا پێویستی خەباتکردنی لە پێناو ئەو بەها جیهانیانە بە روونی دەرخست ودووپاتیکردەوە،ئەم خەباتکردنەش لە رێی بیروئایدیۆلۆجیاوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت نەك لە رێگەی چەکەوە.ئەوەی ئێمە ئێستا دەیبینین پێکدادانی شارستانییەکان وناکۆکی ودوژمنایەتی نێوان رۆژئاواو رۆژهەڵات نییە بەڵکو ئەوە رووبەووبوونەوەی نێوان دیموکراتخوازەکان و سیۆکراتەکان (سیستەمە ئاینییەکانە).

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەك هەموو ئایدیۆلۆجیا تۆتالیتارییەکانی دی ،ئیسلامیزمیش لەسەر ترس ووبێ ئومێدی وهیوابڕی گەورەبووە وخوتبەدەرو واعیزە قین لەدڵەکانیش لەپێناو ڕێکخستن و سازکردنی خەڵك دژی ئازادی ویەکسانی لە جیهاندا گرەو لەسەر ئەو هەست ونەستە دەکەن،بەڵام ئێمەزۆر بەروونی وبەتوندی رایدەگەیەنین کە هیچ شتێك تەنانەت بێ هیواییش نابێ پاساودەری هەڵبژاردن ولایەنگیریکردن لە تاریکپەرستی و تۆتالیتاریزم ورق وقین بێت.

ئیسلامیزم کە ئایدیۆلۆجیایەکی پەرچەکردارە لە هەرکوێیەك سەردەربێنێت ئازادی ویەکسانی وسکۆلاریزم دەکوژێت، سەرکەوتنی ئیسلامیزم تاکە یەك ئەنجام ودەرهاویشتەی دەبێت کەئەویش دەستبەسەرداگرتنی جیهانە ،دەستبەسەرداگرتنی ژنە لەلایەن پیاوەوە ،دەستبەسەرداگرتنی خەڵکی ترە لەلایەن ئیسلامیستەکانەوە ،بۆ وەستانەوە دژی ئەم بیروبۆچوونەش پێویستە مافە جیهانییەکان بۆ خەڵکی تەپەسەرکراووچەوساوەوئەوانەی دووچاری هەڵاوێردن دەبنەوە دەستەبەر بکەین.

ئێمە ((کەلتووری رێژەیی)) رەت دەکەینەوە ،ئەو کەلتوورەی دەیەوێ بەناوی رێزگرتن لە دابونەریتەکانەوە ژن وپیاوە موسلمانەکان بێ بەش بکات لە مافی یەکسانی وبەهاکانی سکۆلاریزم، ئێمە ئەوە رەت دەکەینەوە کە خۆمان لەقسەوباسکردن لەو قەیرانەی کە ئەو هەست ونەستە هێناویەتە ئاراوە بەدووربگرین کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئیسلامۆفۆبیا (ترس لە ئیسلام) کەبەداخەوە تێکەڵی وسەرلێشێوانێکی هێناوەتە ئارا لەنیوان رەخنەگرتن لە ئیسلام وەك ئاینێك و رەخنەگرتن لە رەفتاری شەرمەزارانەی باوەڕدارانی ئیسلام.

ئێمە داوای بەجیهانیکردنی ئازادی رادەبرین دەکەین بۆئەوەی رۆحی رەخنەگرتن لەهەموو کیشوەرەکاندا لەدژی هەموو توندوتیژیودەستدرێژیکردن و دۆگمابوونێك

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیادە بکرێت،ئێمە بانگەواز وتکاو داوا لە دیموکراتخوازورۆحە ئازادیخوازەکان لەهەموو وڵاتان دەکەین کاربکەن لە پێناو ئەوەی وڵاتەکانمان ببنە بەشێك لە بزووتنەوەی رووناکبیری نەك تاریکپەرستی.

ئایان هیرسی عەلی

شەهلا شەفیق

کارۆلین فۆرست

بێرنارد هنری لیڤی

ئیرشاد مانجی

سەلمان روشدی

مەهدی موزەفەری

تەسلیمە نەسرین

مەریەم نەمازی

ئەنتوان سفەیر

فیلیپ ڤال

ئیبن وەراق

## MANIFESTO: Together facing the `new totalitarianism'

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

After having overcome fascism, Nazism, and Stalinism, the world now faces a new totalitarian global threat: Islamism.

We, writers, journalists, intellectuals, call for resistance to religious totalitarianism and for the promotion of freedom, equal opportunity and secular values for all.

The recent events, which occurred after the publication of drawings of Muhammad in European newspapers, have revealed the necessity of the struggle for these universal values. This struggle will not be won by arms, but in the ideological field. It is not a clash of civilizations or an antagonism of West and East that we are witnessing, but a global struggle that confronts democrats and theocrats.

Like all totalitarianisms, Islamism is nurtured by fears and frustrations. The hate preachers bet on these feelings in order to form battalions destined to impose a liberticidal and unegalitarian world.

But we clearly and firmly state: nothing, not even despair, justifies the choice of obscurantism, totalitarianism and hatred. Islamism is a reactionary ideology which kills equality, freedom and secularism wherever it is present. Its success can only lead to a world of domination: man's domination of woman, the Islamists' domination of all the others. To counter this, we must assure universal rights to oppressed or discriminated people.

We reject "cultural relativism," which consists of accepting that men and women of Muslim culture should be deprived of the right to equality, freedom and secular values in the name of respect for cultures and traditions. We refuse to renounce our critical spirit out of fear of being accused of "Islamophobia," an unfortunate concept which confuses criticism of Islam as a religion with stigmatization of its believers.

We plead for the universality of freedom of expression, so that a critical spirit may be exercised on all continents, against all abuses and all dogmas.

We appeal to democrats and free spirits of all countries that our century should be one of enlightenment, not of obscurantism.

***Ayaan Hirsi Ali***
***Chahla Chafiq***

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

***Caroline Fourest***
***Bernard-Henri Lévy***
***Irshad Manji,***
***Mehdi Mozaffari***
***Maryam Namazie***
***Taslima Nasreen***
***Salman Rushdie***
***Antoine Sfeir***
***Philippe Val***
***Ibn Warraq***

TORONTO STAR
www.thestar.com
**Thu. Mar. 2, 2006**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com